# كورد له‌ ماس میدیای نێوده‌وڵه‌تیدا



كریستینا كۆڤانن

هه‌فته‌ی رابردوو سه‌باره‌ت به‌و كاریگه‌رییه‌ جیاوازانه‌م نووسیبوو كه‌ له‌ ئه‌گه‌ری هێرشی توركیا بۆسه‌ر باشووری كوردستان دروست ده‌بن ..یه‌كێك له‌و كاریگه‌رییانه‌ به‌مه‌زنده‌ی من زۆر گرنگه‌، به‌ڵام من هه‌وڵده‌ده‌م به‌كورتی باسی بكه‌م .

ئه‌و شه‌ره‌ هه‌رچۆنیك بێت له‌نێوان توركیا و باشووری كوردستا ن كێشه‌ی كورد شێوازێكی نێوده‌وڵه‌تی وه‌رده‌گرێت به‌جۆریك كه‌پێشتر نه‌بینراوه‌ .

ئه‌مه‌ش ده‌بێته‌ گۆڕانێكی دیكه‌ بۆ ئه‌وه‌ی كورد هه‌نگاوێكی دیكه‌ به‌ره‌و بونیادی نه‌ته‌وه‌ هه‌ڵبگرێت . به‌ڵام به‌ته‌واوی ئه‌م گۆرانه‌ له‌ بارودۆخی په‌یماننامه‌ی سیڤر جیاواز ده‌بێت، له‌به‌ر ئه‌وه‌ی ئێستا كۆمه‌ڵگه‌ی نێوده‌وڵه‌تی به‌شێوه‌یه‌كی هه‌قیقی و له‌ كاتی خۆیدا ئه‌و بارودۆخه‌ تازه‌یه‌ ده‌بینێت .

لێره‌ له‌ ئه‌ورووپا خه‌ڵك هه‌تا ئێستا زانیاری زۆر له‌سه‌ر كورد نازانن. به‌ڵام هه‌مووكه‌س سه‌باره‌ت به‌شه‌ری هاوینی رابردووی لوبنان شاره‌زان و گوێ بۆ هه‌واڵه‌كانیشی راده‌گرن .

رای گشتی به‌شێوه‌یه‌كی ئاسایی هاوسۆزه‌ له‌گه‌ڵ قوربانیانی ته‌نگژه‌ سه‌ربازییه‌كان ..

به‌ڵام له‌ مه‌سه‌له‌ی كوردا دژی راده‌وه‌ستن ..ئه‌مه‌ش له‌به‌ر ئه‌وه‌یه‌ ماس میدیاكان بۆچوونی چه‌وسێنه‌رانه‌ی ده‌وڵه‌تی توركیا په‌خش ده‌كه‌ن .بێگومان ئه‌مه‌ش هۆكاری خۆی هه‌یه‌ توركیا لۆبیه‌كی زۆری هه‌یه‌ له‌سه‌ر ئه‌م مه‌سه‌له‌یه‌ كارده‌كه‌ن و له‌لایه‌ن ده‌سه‌ڵاتدارنی توركیاوه‌ پشتگیریان لێده‌كریت . هه‌روه‌ك مایكل رۆبین كه‌ تۆژره‌ له‌ ئامۆژگای ئه‌مریكان ئه‌نته‌ر پرایس .و هه‌روه‌ها ژماره‌یه‌كی زۆر له‌ دامه‌زراوه‌كان پاره‌ له‌ كۆمپانیاكانی نه‌وت وه‌رده‌گرن بۆ ئه‌وه‌ی نه‌وتی كوردستان كۆنترڵ بكه‌ن،له‌به‌ر ئه‌وه‌ی هه‌موو رۆژئاوا هه‌مان بۆچوونی توركیایان له‌سه‌ر كورد هه‌یه‌ .

كورد له‌ ئه‌ورووپا چالاكی هه‌یه‌ به‌ڵام نازانن په‌یوه‌ندی هاریكاری له‌گه‌ ڕێكخراوه‌ ئه‌ورووپییه‌كاندا دروست بكه‌ن . دبلۆماتی كورد ته‌نها دبۆماتی كوردی-كوردییه‌ . به‌ڵام له‌وه‌ تێگه‌یشتوون كه‌ ئاماژه‌یه‌كی باشه‌ به‌وئاراسته‌یه‌ هه‌نگاو هه‌ڵبگلان و سوود له‌ هه‌ڵه‌كانیان وه‌ربگرن بۆ چاره‌سه‌ركردنی كێشه‌كانی داهاتوویان .

بزاڤی كوردی زۆر به‌خێرای به‌ره‌و پێشه‌وه‌ ده‌چێت . ڕیكخراوه‌ كوردییه‌كان له‌ كوردستان و ئه‌ورپا زۆر به‌ هۆشیارانه‌ بریاریان داوه‌ كه‌ به‌ شێوازێكی نویَ كاربكه‌ن . ئیستا كورد زۆر له‌ تورك وریا ترن . لۆبیه‌كانی تورك ئێستا به‌هێزن به‌ڵام زۆر قورسه‌ بتوانن بانگیشه‌ بۆ هێرشی توركیا بۆ سه‌ ر باشوری كوردستان بكه‌ن .

ئیستا ماس میدیای ئه‌وربا زۆر باسی كورد ناكات . راپه‌رینه‌كانی ناو توركیا یان به‌ تیرۆریزم وه‌سفكرد ..هه‌روه‌ها رووماڵكردنی هه‌واڵه‌كانی عێراقیش، سه‌باره‌ت به‌ ئاژاوه‌كانی ناوچه‌ عه‌ره‌بیه‌كانی عێراقه‌ و زۆركه‌م زانیاریان سه‌باره‌ت به‌ كورد تێدایه‌ و خوێنه‌ری ئاسایی له‌ هه‌قیه‌تی ئه‌و ئالۆزییه‌ راسته‌قینه‌یه‌ی كورد تینا گات ئه‌وجا له‌ توركیا بێت یان له‌ عێراق . هه‌تا ئێستاش توركیا ئه‌و توانایه‌ی هه‌یه‌ كه‌ راسته‌یه‌كی شێوێنراو سه‌باره‌ت به‌ باشوری رۆژهه‌ڵاتی توركیا به‌رێگه‌ی میدیای نێوده‌ڵه‌تی بڵاوبكاته‌وه‌ . به‌ڵام ئه‌گه‌ر ته‌نگه‌ژه‌كه‌ په‌ریه‌وه‌ ئه‌و دیوی سنوور ..ئه‌وا مه‌سه‌له‌ی كورد سه‌ره‌نجام به‌وشێوه‌یه‌ له‌ میدیاكاندا باس ده‌كرێت كه‌ شایسته‌ی خۆی بێت .

هه‌تا ئه‌گه‌ر شه‌ریش له‌نێوان توركیاو باشووری كوردستاندا روونه‌دات . ئه‌وا كورد زۆر به‌ هۆشیارانه‌ له‌ ئه‌وروپا هه‌ڵسووكه‌وت ده‌كات ..هه‌ر بۆنموونه‌ ئیستا چه‌ندین كتێبی تازه‌ ده‌رباره‌ی كورد به‌زمانی ئینگلیزی بڵاوكراوه‌ته‌وه‌، به‌ڵام ئه‌مه‌ پرۆسه‌یه‌كی له‌سه‌رخۆ و هێواشه‌ ..ئه‌گه‌ر شه‌ر روبدات ئه‌م پرۆسه‌یه‌ خیرا ده‌بێت .

شه‌ر سیناریۆیه‌كی ترسناكه‌ . به‌ڵام سه‌ره‌نجامی ئه‌و شه‌ره‌ ده‌بێته‌ هۆكاری ئه‌وه‌ی چیدیكه‌ جیهان نكۆڵی له‌ كێشه‌ی كورد نه‌كات . هێرشی توركیا كۆمه‌ڵگه‌ی نێوده‌وڵه‌تی ناچارده‌كات به‌ دوای چاره‌سه‌ریكی سیاسیانه‌ بۆ كیشه‌ی كورد بگه‌رێن.